www.kurdistannet.org
17-5-2003 21:34

# ئازادی کۆمەڵگای عێراق بەندە بە بەهێزکردنی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە

زمناکۆ عزیز

دوای ئەوەی کە ئەمریکا لەژێر ناوی "پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق" دا، کوشتارێکی زۆر و وێرانکاریو کاولکارییەکی بێوێنەی لە عێراقدا ئەنجامداو بنەما ئابوورییەکانی ئەم وولاتەو خزمەتگوزارییەکانی لەناو برد، سەرەنجام خەڵکی لەگەڵ دەیان کێشەو گرفتی گەورە بەرەو رووکردۆتەوە، گەڕان بەدوای تەرمی کوژراوەکانو ئەوانەی بوونە قوربانی، ئاوارەبوونو نیشتە جێ بوون لە کەلاوەکانو پاشماوەی بیناڕوخاوو خاپورکراوەکانی ڕژێمی بەعس، تادەگاتە بێکارییەکی بەکۆمەڵو پێنەدانی موچەو کرێیمانگانەی کرێکارانو کارمەندانو بەرزبوونەوەی چەند بەرامبەری نرخی کالاسەرەکییەکان، نەمانی ئەمنیەت بۆ خەڵك، دروست بوونی دەیان دەستەوتاقم و باندی مافیاییو ئینسان کوژی کە ژیانیان لەخەڵك تاڵ کردوەو ڕۆژ نییە هەواڵی کوشتوبڕو تالانی نەبیستن، بەکورتی بڵێم کۆمەڵگایەك سەرباری هەموو وەحشیگەریەکانی ڕژێمەکەی بەلام هیچکام لەو مەینەتیانەی ڕابردووی بەئەندازەی ئەوەی ئێستا نەبووە. هۆکاری ئەم ڕۆژڕەشیانەی خەڵكو وێرانکاریو نەمانی خزمەتگوزاریو دەستنەکەوتنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕژێمی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

کاتێك کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو بەرەی ئازادیخوازی دەڵێن کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی نەك هەر ئازاد کەر نین، بەڵکو گەورەترین کوشتار و وێرانکاری تا ئێستا لەجیهاندا لەسەر دەستی ئەوان هاتۆتە بوون، هیرۆشیماو ناکازاکیو ڤیێتنامو عێراق.... . هتد دەیان نمونەی بەرجەستەی ئەو ڕاستیانەن. کەچی لەم نێوەدا گوێلەمستەکانی ئەمریکا و ناسیونالیستە عەرەبوکوردەکان کە تەنها لەم ڕێگەیەوەو بەنۆکەریو جاسوسیکردن بۆ ئەمریکا شانسی گۆشەیەکی حاکمیەتیان پێئەبڕێت (ئەگەر پێیان ببڕێت؟) لێمان دێنە دەنگو سەرزەنشتمان ئەکەنو دەڵێن نابێت ئەمریکا وەك تاوانباری ئەم مەینەتیانە بدرێتە قەڵەم!! نابێت بەئەمریکا بوترێت داگیرکەر!! ئەگەر ئەمریکا نەبوایە کێ ڕژێمی بەعسی لەناو ئەبرد؟ بەم قسانەو لەم ڕێگەیەوە شەرعیەت بەمانەوەی ئەمریکاو داگیرکارییەکەی ئەدەنو هەر نارەزایەتی دەربڕینێك بەرامبەر بەئەمریکا بە بەعسی بوونو خزمەت کردن بەگەڕانەوەی بەعس لەقەڵەم ئەدەن!! ئەم قسانە لە بەکرێ گیراوەکانی C.I. Aوە ئەبیسترێتو دروست ئەمە پەروەردەیەکی ئەمریکیانەیە بۆ چەواشەکردنی خەڵك، ئەم درۆیانە بۆ جوان کردنی ڕووی دزێوی ئەمریکاو بە فریادڕەس نیشاندانی گەورەترنی تاوانباری دنیا کە ئەمریکایە، بەلام ئەوان هەقیانە برەو بەم چەواشەکاریانە بدەن، چونکە ئەو ناسیونالیستە عەرەبانەی کە ئەم قسانە ئەکەن سالانێکە موچەی ئەمریکا ئەخۆنو لە ئەمریکا مەشقییان پێکراوە، هەرچی ناسیونالیستە کوردەکانیشە لە ڕیزەکانی یەکێتیو پارتی جگە لەوەی کە لە ١٣ساڵی ڕابردوودا بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس نەپچڕاوە (بەپێ ئیعرافەکانی خۆیان لەچەند ساڵیڕابردوودا) مفاوەزانە یەك لەدوا یەکەکانو لامل ماچکردنەکانی دیکتاتۆرو بازدانەکانیان بەسەر ڕەفزی خەڵکی کوردستان بۆ ڕژێمی بەعس لە ئاوارەبوونی ملیۆنیاندا لەساڵی ٩١، تادەگاتە ٣١ی ئابو نامەی هاوبەشی مەکتەب سیاسی پارتیو یەکێتی لە صلاح الدین لە چەند ڕۆژ بەرلە١١ی سیپتامبەر، دەیان نمونەی تر نیشانی ئەدات کە کێو کام سیاسەتو کام کردەوە خزمەتی بەمانەوەی بەعس کردوە.

هەرچی ئەمریکاشە لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ڕژێمی بەعس و هاتنی صدامی دکتاتۆرەوە تا کاتی کۆتایی هاتنی جەنگی ساردی نێوان زلهێزەکان، گەورەترین پشتیوانو هاوکاری ڕژێمی بەعسی کردوە، لەجەنگی ڕژێمی بەعس لە بەرامبەر ڕژێمی جمهوری ئسیلامی، باشترینو کۆمەڵکوژترین جبەخانی چەکیان خستە بەردەم صدامو ڕژێمەکەیەوە کەدواتر بەبەرچاوی ئەمریکاوە ئەنفالو کیمابارانی خەڵکی کوردستانو هۆرەکانی باشوری پێکرا، کیمیاباران کردنی هەڵەبجەو کوشتاری خەڵکەکەی بەبەرچاوی ئەوانەوە ڕوویداو ەوان نەك هەر فزەیەکیشیان لێوەنەهات بەڵکو تاوانەکەیان بۆ پەردەپۆش کرد، دواتریش لەجەنگی بەناو ئازاد کردنی کوێتدا ئەمجارەیان بەچەکی ئەمریکا هەزاران ئینسان بوونە سوتەمەنی و لەپەنای کۆشکی کۆماریو پەناگوێی صدامەوە هێرشیان ڕاگرتو صدامی دیکتاتۆریان هێشتەوە، پاش ئەوەش گەورەترین تاوان دەهەق بە منداڵو گەورەو بچوکی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیانەوە ڕوویدا بەوەی کە گەمارۆی ئابورییان خستە سەر عێراق کە ئێستاو دوای زیاتر لە ١٣ ساڵ ئامارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕایدەگەیەنن کە زیاتر لە دوو ملیۆن ئینسان گیانیان لەدەستداوە کە زیاتر لە نیو ملیۆنیان منداڵ بوون، هەموو ئەم کردەوانەی ئەمریکا و کاسەلێسەکانی لە ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی باشترین کۆمەکی بەمانەوەو بالادەستی ڕژێمی بەعسو جەلادەکانی کردوە لەمانەوە لەسەر کورسی دەسەلاتو سەرکوتی خەڵکی عێراقو دوورخستنەوەی خەڵك لەهاتنەمەیدانو لەناو بردنی ڕژێمی فاشیست، بۆیە ئەمجارەش هەمان سیناریۆ ڕەشەکانی ڕابردووە کە دوبارەدەبێتەوەو قوربانیانی سەرەکی جەماوەری عێراق دەبن. ئەمەش نیشانی ئەدا کە جەنگی ئەمریکا بۆسەر عێراق بەخاتری خەڵکی عێراق نەبووەو نییە،

بەڵکو جەنگی یەکلا کردنەوەی جیهانی هەڵواسراوی دوای جەنگی سارده بەلایەکدا، جەنگی فەرز کردنی باڵادەستی ئەمریکایە بەسەر جیهاندا، نەدوورو نەنزیك پەیوەندی بە بەرژەوندی‌یەکانی خەڵکی عێراقەوە نی‌یەو بەتەواوی پێچەوانەی ئەو بەرژەوەندیانەیەو ئاکامی زۆر زیانباریشی دەبێت بۆسەر تەواوی ئازادیخوازی‌و ئینسانیەت لەسەراسەری جیهاندا.

وە کاتێك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌وئازادیخوازان‌و بزووتنەوەی ئینسانیخوازی جیهانی دژبە جەنگ ڕایدەگەیەنن کە ئەبێت هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بچنەدەرەوەو مەسەلەی دەسەلات کە کاری خەڵکی عێراقە بەخۆیان بسپێرن‌و هێزەکانی ئەمریکا نەخۆیان و نەحکومەتی داسەپاویان شەرعیەتی نی‌یەو ناتوانێ وەلامدەرەوەی خواستەکانی خەڵکی عێراق بێت، دیسانەوە لەبەرامبەرماندا توشی هیستریا دەبنەوەو سەرزەنشتمان ئەکەن‌و پیلانمان بۆ دروست ئەکەن، ئەیانەوێ بەو پرسیارانەی کە ساڵانێکە وەڵام دراونەتەوە لەبەرامبەرمان بوەستنەوە، پێمان ئەڵێن خۆهێشتا چوار هەفتە بەسەر"ئازاد کردنی عێراق" تێپەڕیوە، بۆچی داوەری پێش وەخت ئەکەن؟ کام حکومەت بەچوار هەفتە ئەتوانێ وەلامدەرەوەی خواستی خەڵك بێت؟ ئەم پرسیارانە زیاتر لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەو سەرانی ئەم حزبانەوە دەبیسترێت، بەڵام ئێمە ووتومانەو دەیڵێینەوە کە ئەمریکا تەنها چوار هەفتە نی‌یە گوێ لەمستەکانی خۆی لەعێراق داناوە، تا فریای وەلامدانەوە بە داواکاری‌یەکانی جەماوەر نەکەون، بەڵکو زیاتر لە ١٣ ساڵە ئەمریکا لەڕێگەی یەکێتی‌و پارتی‌یەوە لەکوردستان نوێنەرایەتی ئەکرێت، مەگەر ئەحزابی ناسیونالیستی کورد ئەمریکا بەدیار کوردستانی سەرگەردانەوە داینەنان‌و کردنیە حاکمی بەزۆرسەپێنراوی خەڵك؟ ١٣ ساڵی ڕابردوو کام موسیبەت ما کە بەسەر خەڵکدا نەیهێنن؟ باڵی کام دەوڵەتی کۆنەپەرستی ناوچەکە تاقوڵایی چەندین کیلۆمەتری بۆ کوردستان ڕانەکێشرا؟ کام دەوڵەت بنکەی جاسوسی و مافیای خۆی لە کوردستان دانەنا؟ قانونەکانی بەعس لەسایەی گوێ‌لەمستەکانی ئەمریکادا تاحاڵی حارز پارێزراوە، ئازادی سیاسی پێشێل کراو دەیان بلاوکراوەو چەند حیزبی سیاسی تەنها بەتاوانی مخالیف بوونی سیاسی هەڵسوڕانیان قەدەغەکرا، فەتوای کوشتنی دەیان کەسی علمانی‌و پێشکەوتنخوازو کۆمۆنیست دەرکرا، کوشتن‌و لەخوێن هەڵکێشانی زیاتر لە ٥٠٠٠ژن تەنها لەکوردستان، شەڕی ناوخۆ و بەکوشتن دانی زیاتر لە ١٠هەزار کەس لەشەڕی نێوان مەئمورەکانی ئەمریکادا، هەموو ئەمانە تادەگاتە بردنەسەری بێکاری تا ڕادەی سەرسوڕهێنەرو بێ‌وێنە لەکوردستاندا، نەدانی کرێ یان ڕاگرتنی لە نزمترین ئاستدا، هێرش بۆ سەر دەستفرۆشان‌و بێ‌خانەو لانەکانی شارەکانی کوردستان‌و بەتاڵان بردنی سەروەت‌و سامانی کۆمەڵگاو دەیان و سەدان کاروکردەوەی تر کە لەلایەن ئەحزابی سەربەئەمریکاوە ئەنجام دراون، ئیتر کێ چاوەڕوانی ئایندەی ڕۆشنی هەیە لە حکومەتی سەر بە ئەمریکایی؟ مەگەر قەرار نی‌یە پەرلەمانی ئاینده هاوشێوەی پەرلەمانەکەی کوردستان بێت بە چەند ئاڵوگۆڕێکی ڕوکەشی‌یەوە؟ کە زیاتر لە ٩ساڵ بەسەر شەرعیەتەکەی‌دا تێپەڕیوە (ئەگەر بەفەرز داینێین کەشەرعی‌یە) کەچی بەمەرجەعی سەرەکی بڕیار چاوی لێدەکرێت؟ ئەمریکا ئەگەر لەوەی کە لە ١٣ساڵی ڕابردوو ڕووی دا لەدەستی بهاتایە درێغی نەدەکردو جێبەجێ‌ی ئەکرد، بۆیە حکومەتی ئاینده لەباشترین حاڵەتی خۆی‌دا هاوشێوەی حکومەتە سەرگەردانەکەی کوردستانی سەرگەردان ئەبێت‌و چاوەڕوانی لەوە باشتری لێناکرێت.

وەدەڵێن ئەگەر بە قسەکەی ئێوە بێت ئەبێت ئەمریکا بڕواتەدەرەوە، ئایا بەعسی‌یەکان ناگەڕێنەوە بۆ سەر کورسی دەسەڵات؟ ئەمە قسەی ئەو لایەنانەیە کە باوەڕیان بەهێزی خەڵك‌و ئیرادەی جەماوەر نی‌یە، پێیان وایە کە هەموو شت ئەبێت لەسەرو خەڵکەوە ڕووبدات‌و مەسەلەی حکومەت و دەسەلاتی‌سیاسی کاری خەڵك نی‌یە، بەڵکو ئەوە مەسەلەیەکە کە لەسەرو خەڵکەوە ئەبێت بڕێتەوە!! ئێمە دەڵێین ئەو جەماوەری کە ئەمریکای زلهێزی‌دنیا ناچاربکات کە بڕوات‌و گۆڕی گوم بکات، ئەتوانێ بەربگرێ بەگەڕانەوەی تاونبارانی‌بەعس کەبەر لەهەموو لایەك لەلایەن خەڵکی عێراقەوە داواکراون بۆ دادگایی کردن، خەڵکی عێراق ئەتوانێ ئەو کارەبکات، دەرکردنی ئەمریکا تەنها ئیرادەو یەکگرتوویی خەڵك‌و حیزبی خاوەن ئاسۆی پێویستە، نمونەکانی وەدەرنانی ئەمریکا لەدنیادا زۆرن، صۆماڵ‌و ڤێتنام‌و یوغسلافیاو. . هتد.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەو حزبەیە کە ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، لە نەخشەو ئاسۆی سیاسی ڕوون بەهرەمەندە، لەپشتیوانی‌یەکی بەهێزی جەماوەری لەسەراسەری جیهاندا بەهرەمەندە، لەهێزێکی کۆمەلایەتی بەهێزوفراوان لەناوخۆی عێراق بەرهەمەندە، پەیوەست بوون بەڕیزەکانی ئەم بەرەیەوە، ئینسانیەت‌و ئازادیخوازی پارێزراو ئەبێت، کوشتارو کاولکاری کۆتایی دێت، حکومەتی سەرو خەڵکی بە خاك ئەسپێردرێت، بانگەوازتان ئەکەم بۆ پەیوەست بوون‌و بەهێزکردنی ئەم بەرەیەوە، بەرەی سۆسیالیستی‌و ئازادیخوازی، بەرەی کۆمۆنیزمی کرێکاری.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.